# پەشێو و بیرەوەرییەکـــــانی کـــەنــــــــدالْ



**قوتـــــابیەك: مامۆستـــــاپەشێو هەرگـیز شـانەی بەکـــــارنەدەهێنا و کە توڕەیش دەبوو چوار داری لێدەداین**

**سقیل: فەیسەڵ خەلیل**

لە شـەوێکدا کە دونیـا لە باوەشـی بێدەنگیـدایە، شـاعیرێکی گەنـج، بـاڵابەرز، لە بنـاری قەرەچـوغ، ژانـی شـەوانی خـۆی دەنوسـێتەوە، بەیـانیش لەگەڵ خۆرهەڵات، مندالْـەکان بۆ وانە گوتنەوە دێنەوە لای، ئەگەر تێپەڕبوونـی زەمەن حەتمـی بێـت، کەس نەیتوانـی بیگـێڕێتەوە، ئەوا زەمەن لە یادەوەریـدا پارێزراوە، زەمەنی شاعیریش زەمەنێکی ترە پڕە لە فانتازیا.

کەنـدالْ گونـدێکی بچـوك لە نزیکـی بـازاڕگەی مەخمووره، قوتابخانەکەی کەندالْ ناوی پەشێوە، لەناو قوتابخانەکە، لە ژووری بەڕێوەبەر، وێنەیەکی شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو هەڵواسراوە، ئەو کاتە مامۆستا جەمال جەمیل لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتبوو وەك سەرپەرشتیاری پەروەردە خەریکی نوسینی تێبینییەکانی بوو، مامۆستا جەمال کەسێکی ناسراوی مەخموورە، پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچوغ بوو، دیار بوو مامۆستا گەنجەکان هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی، تەنها دەزانن شاعیرێکی کوردە و پێشووتر لەو گوندە مامۆستا بووە، بەڵام مامۆستا جەمال هەر کە باسی پەشێو کرا گوتی "من تەنها بیرەوەرییەکم هەیە، ئاهەنگی نەوڕۆز بوو، مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو لە کەندالْ مامۆستا بوو، ئەو ئاهەنگەکەی سازکرد بوو، شیعری دەخوێندەوە، هەموو ئامادەبووان چاوەڕوانی نانخواردن بوو، لەوکاتە نان هات، پەشێو زوو هەستی کرد کە نان و هێلکە هاتووە، بۆیە هەر لەناو شیعر خوێندنەوە بۆ خۆشی گوتی (سڵاو سەد سڵاو. دەبا هێلکە بێت لە جیاتی پڵاو)، ئامادەبووان زۆر دڵخۆش بوون بەوە زۆر پێکەنین". هەر کەسێك لەو گوندە بێت شانازی بەوە دەکات کە عەبدوڵڵا پەشێو لەوێ مامۆستا بووە، حەزیش دەکەن شتی زیاتر لە بارەیەوە بزانن، هەندێك داوای ژمارەی تەلەفۆنی عەبدوڵڵا پەشێویان دەکرد، ئەوانە ئەو نەوە گەنجە بوون، کە پەرۆشی شیعرەکانی پەشێون، دەشزانن لە گوندەکەی ئەوان مامۆستا بووە، بەڵام لەسەردەمی ئەوان نەبووە، هەندێکی تر لەگوندەکە زۆر فشاریان دەخستە سەر یادەوەری خۆیان، بەڵام هیچیان وەبیر نەدەهاتەوە، کەسانێکیش هەبوو وەها خۆیان دەردەخست کە زۆر شت لە بارەی پەشێوەوە دەزانن، کە ئەو کاتەی لە گوندی کەندالْ ژیاوە، بەڵام هەندێك لە زانیارییەکانیان جێگای گومان بوو، یەکێك لە گوندەکە بوو گوتی "عەبدوڵڵا پەشێو ئەو کاتە لەگوندەکە بوو، دەمانچەیەکی جۆری لامەی پێبوو"، بەڵام ئەوانی تر دەیانگوت هەرگیز دەمانچەمان لە لای پەشێو نەبینیوە، ئەو کات زانیمان کە باشترین کەس بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی پەشێو قوتابیەکانیەتی.

قادر محەمەد ئەبوبەکر کە ئێستا لەهەولێر مامۆستایە، قوتابی عەبدوڵڵا پەشێو بووە، قوتابی هەردەم کاریگەر دەبێت بەهەڵسوکەوتی مامۆستاکەی، هەرچەندە تەمەنیشی بەسەر بچێت، تەنانەت شتە بچووکەکانی مامۆستاکەشی وەبیردێتەوە، قادریش وابوو، زۆر بە پەرۆشەوە یادگارییەکانی مامۆستاکەی دەگێڕایەوە، کە ئێستا بە گەورەترین شاعیری کوردی دەزانێ، کاتێك قادر هەوڵی دا بیروەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە یەکسەر شتێکی وەبیر هاتەوە، گوتی "مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو، ئەوەندەی لە کەندالْ بوو، قەت شانەی بەکار نەدەهێنا، ئەوە شتێکە قەت لە بیرم ناچێتەوە". قادر لەسەر گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بەردەوام بوو، گوتی "چۆن دەزانم مامۆستا شانەی نەبوو، ئێمە هەموو بەیانیەك بە پەلە دەچوینە بەردەم قوتابخانە، لە خوامان دەویست مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو کارێکمان پێ بکات، ئەو هەر لە ناو ژووری ئیدارە قەرەوێلەیەکی دانابوو، لەوێ دەنوست، بەیانیان زوو چاپەستێك ئاوی دەخستە سەر ئاگرەکە، ئێمە کە دەچوین ئاوەکەمان بۆ لەناو مەسینە دەکرد، ئەو دەموچاوی دەشوشت، بە پەنجەکانی قژی شانە دەکرد". قادر باسی سیفەتی مامۆستاکەی کرد و گوتی "پیاوێکی خۆشەویست بوو لە کەندالْ، کەس بە بێگانەی نەدەزانی، تەنانەت لە پرسەی خەڵکی گوندیش وەك خزمێك دادەنیشت، لە پۆل بە هەیبەت بوو، قوتابی لێی دەترسان، لەگەڵ ئەوەش خۆشیان دەویست، زۆرجار ئەگەر لەناو پۆل دەرسمان نەبوایە، ئەو دالغەی لێدەدا، دەمێك دادەما، هەندێك جاریش بە بێ دەنگی ڕەسمی شاخێکی لەسەر سەبورە دەکرد، خۆی خەریك دەکرد، دواتریش دەستی بۆ قەرەچوغ درێژ دەکرد، دەیگوت ئەو ڕەسمە چیای قەرەچۆغە". قادر بە پێکەنینەوە باسی لەلێدانەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو کرد و گوتی "جارێك سەلیم کەندالی کە پێشمەرگە بوو، دواتر شەهید بوو، هاتووە لای مامۆستا میوان بوو، لە ئیدارە دانیشتوون، ئێمە دە قوتابی بووین لەپۆل، هەر یەکەمان جارێك چوینە لای مامۆستا پێمان دەگوت قوتابیەکان شەیتانن، هەر دە قوتابی چووین، مامۆستا هەر نەهات، دوای هات گوتی، هەر هەمووتان شەیتانی دەکەن و هەر هەمووشتان دێن گلەیی دەکەن، کێشەتان چییە؟ ئێمەش گوتمان مامۆستا ئەگەر مراقیبێکی چاك دابنێی کێشەمان نامێنێ، ئەو پرسی کێ دەبێتە موراقیب؟ ئێمەش هەموومان دەستمان بەرزکرد، ئەو سەری سوڕما، هەر یەکە و چوار داری لێداین".

ئەو قوتابیە باسی لەوە دەکرد، کە پەشێو سیفەتێکی ئەوەبووە، ناوی خۆشی لەقوتابیەکان ناوە، قادر گوتی "ئەوەندەی بە بیرم مابێ مامۆستا پەشێو بە قوتابیەکی دەگوت تیتۆ، چونکە ئەو قوتابیە زۆر زیرەك بوو، دوای زانیمان مەبەستی تیتۆی شیوعیەکەیە، بەڵام ئەو قوتابیە نەبووە هیچ شتێك، قوتابیەکی ترمان هەبوو، زۆر شەیتان و عەجول بوو، مامۆستا پەشێو بە عەکسەوە پێیدەگوت نورانی، دیارە ئەو کوڕە پیاوچاك و نورانی و ئاقل نەبوو، بەڵام مامۆستا پەشێو بە گاڵتە پێی دەگوت نورانی".

هەموو ئەو قسانەی کە قادر دەیانگێڕێتەوە نزیکەی 40 ساڵ لەمەوبەر روویانداوە، ئەو کاتە مامۆستا پەشێو لەکەندالْ دەبێت، قادر بیرەوەریەکی تری گێڕایەوە، کە هی ساڵی نۆهەدەکانە، قادر گوتی "مامۆستا پەشێو زۆر بە وەفایە، لەساڵی 1994 کۆڕێکی لە هەولێر هەبوو، تازە گەڕابۆوە، من لەناو قەرەباڵغی خۆم گەیاندە پەشێو، ناوی خۆم و گوندەکەم لەسەر کاغەزێك نوسی و بۆم نووسی بوو کە من قوتابی ئەو بوومە، سەرەتا لەناو قەرەباڵغی تەوقەیەکی ئاسایی لەگەڵ کردم، منیش کاغەزەکەم پێدا، دەستی بەرنەدام، سەیری کاغەزەکەی کرد، منی راکێشا و ماچی کردم، چاوی پڕ لە فرمێسك بوو، منیش گریام". قادر دەڵێ "زۆر بیرەوەری پەشێو هەیە، ئەگەر باسی بکەین، دواجار خۆشی لەگەڵ عەبدولڕەحمان بێلاف سەریان لە کەندالْ دا، لەسەر پێشنیاری بێلاف کە ئەو کاتە قائیمقامی مەخموور بوو قوتابخانەکەی کەندالْ ناوی لێنرا، قوتابخانەی پەشێو".

عەبدولڕەحمان بێلاف، بۆ سقیل باسی لەوە کرد کە دوای ئەوەی پەشێوی شاعیر سەردانی پەنابەرانی کەمپی مەخموری کرد، بەیەکەوە

سەردانی ئەو قوتابخانەیان کردووە، گوتی "کە گەیشتینە ئەوێ، هەندێك گەنج لای قوتابخانەکە بوون، تەنیا یەك لەوان پەشێوی ناسیەوە، پەشێو یەك یەك پرسیاری خەڵکی گوندەکەی کرد و لە ژیان و سەلامەتی ئەوانی پرسی".

Copyright 2009 - 2010 All rights reserved to Civilmag.com

دیزاین و دارشتنی لەلایەن : هاوڕێ شینکی